به بڕیاری مەکتەبی سیاسی یەکێتی

# له سلێمانی شێخێك مانگانه چوار تەنکەرو (٢٨٦٠٠) لیتر بەنزین و گاز و نەوتی وەرگرتووە


راپۆرتی هێمن باقر
فۆتۆ: جەمال پێنجوێنی


له درێژەی بەدواداچوونەکەی گۆڤاری لڤین بۆ سوتەمەنیی لە پارێزگای سلێمانیدا، دەرکەوت کە شێخێکی گەورەی شارەکە بە نووسراوی تاڵەبانیو (م.س)، مانگانە ١٥٠٠٠٠ لیتر بەنزینو نەوتو گازی وەرگرتووە کە دەکاتە چوار تانکەرو ٢٨٦٠٠٠ لیتر. ئەو شێخە لە ماوەی ساڵی ٢٠٠٦دا ئەم بڕەی وەرگرتووە، بەڵام لە ٢٠٠٧/٢/١و دوای ئەوەی لیژنەیەکی باڵا بۆ کۆنترۆڵکردنی پێکهێنراو سووتەمەنیی شوێنە تایبەتییەکان بڕدرا، ئەو بڕە سووتەمەنییەی دەدرایە ئەو شێخەش بڕدرا، سەبارەت بەو بڕە گازوایل-ەش کە دەدرایە کورەی خشتو کارگەکانی تر، هەندێك کەس مانگانە بڕێکی زۆر گازوایلی وەرگرتووەو بۆ خۆی فرۆشتوویەتی، لەوانە کەسێکە بە ناوی کارگەیەکی خشتەوە لە مەخمور کە مانگانە بڕی ٥٠٠٠٠ لیتر گازوایلی وەرگرتووە لە ڕێگەی کەسێکی ناسراویەوە، لەو دەزگایە دوای لێکۆڵینەوەی دەزگاکە بۆی دەرکەوتووە کە کارگەی لەو جۆرە بوونی نەبووەو ئەو کەسە ئەو بڕە گازوایلەی کە مانگانە وەریگرتووە، فرۆشتوویەتی.

سەبارەت بە ئیشوکارەکانی ئەم دەزگایە لەمساڵدا، لڤین وەك میدیایەکی ئازاد بەوردی چاودێریی کاری نوێی ئەو دەزگایە دەکاتو، لەو سەروبەندەشدا زانیویەتی کە بەم نزیکانە بەڕێوەبەرایەتییەك لە دەزگای پرۆژە تایبەتەکان جیادەبێتەوە کە ناودەبرێت بە بەڕێوەبەرایەتیی دابەشکردنی بەرهەمە نەوتییەکان، کە سەرپەرشتیی هێنانو فرۆشتنو دابەشکردنی نەوتو پێکهاتەکانی دەکاتو عەقید فواد لێپرسراوی هۆبەی ئابووریی لە ئاسایش سەرپەرشتیدەکات.

هەروەها بەپێی بەدواداچوونی لڤین دەرکەوت کە لە مانگی رابردوودا لە دابەشکردنی غازدا، ١٠٠٠ دینار زیاتر لە هاوڵاتییان سەندراوە، چونکە بەپێی نووسراوی رەسمیی لە کەرکوکەوە دەبێت غاز بکرێتە ٤٠٠٠ دینار، بەڵام سەرجەم کارگەکانی غاز بە ٥٠٠٠ دینار فرۆشتوویانە.

بەرپرسانی سەرپەرشتیی سووتەمەنی، ئاماژە بەوە دەکەن کە دوای ئەوەی بەوەیان زانیوە کە لە کەرکوکەوە نرخی غاز هەرزان کراوە، بڕیاریانداوە سەرجەم ئەو پارە زیادەیە لە کارگەکانی غاز بسەنرێتەوە.



● لە درێژەی بە دواداچوونە مەیدانییەکەی لڤین-دا، بۆ چارەنووسی بەشە سووتەمەنیی پارێزگای سلێمانی، چەندین سەرەداوو دۆکیۆمێنتی گرنگی بە دەستکەوت کە سەرجەمیان ئاماژە بە بوونی گەندەڵیی دەکەن لەو بوارەدا لە ماوەی رابردوودا.

بەپێی بەدواداچوونەکان، تەنها لە ساڵی ٢٠٠٦دا لە دروستکردنی کارتی بەنزینی شۆفێرەکان، نزیکەی ١٢ دەفتەر دۆلار خوراوەو بەپێی زانیارییەکانیش" ئێستا ئەو کێشەیە لەژێر لێکۆڵینەوەدایە، دوای ئەوەی دەزگای پرۆژە تایبەتەکان بڕیاریدا کە کارتی بەنزین بۆ سەرجەم ئۆتۆمبیلەکان بکاتو ئەم کارەش بە چەند کەسێك دەسپێردرێت لەو دەزگایە، ئەوانیش بەبێ ئەنجامدانی هیچ جۆرە کەمکردنەوەیەك، ئەم کارە دەدەنە چاپخانەیەك بۆ ئەوەی کارتەکانیان بۆ چاپبکات، بەڵام لە راستیدا ئەو کەسەی کە بەرپرسی بەشی کارت بووە لەو دەزگایە، هەستاوە بە چاپکردنی ئەو دەفتەرانە لە چاپخانەیەکی ئێران بە ناوی "چاپخانەی ئەندێشە"و لەو چاپخانەیە هەر دەفتەرێك ١١٥٠ دیناری تێچووە، بەڵام بەرپرسی بەشی کارت لە بەرامبەردا وەسڵی چاپخانەی (الحریە)ی لە بەغدا هێناوەو بۆ هەر دەفتەرێك، ٢٢٥٠ دیناری نووسیوە، واتە لە هەر دەفتەرێك ١١٠٠ دیناری بۆ خۆی هەڵگرتووە، بەپێی زانیارییەکانی لڤین، ژمارەی ئەو ئۆتۆمبیلانەی کە لە ساڵی ٢٠٠٦دا کارتیان بۆ کراوە لە پارێزگای سلێمانی، ژمارەیان ١٥١٠٠٠ ئۆتۆمبیل بووە، ئەگەر ئەم ژمارەیە جارانی ١١٠٠ دینار بکەیت، دەردەکەوێت تەنها لە دروستکردنی کارتدا ١٢٠٠٠٠ دینار خوراوە، ئەوەی جێگای سەرنجە ئەم کارتە لەلایەن دەزگای پرۆژە تایبەتەکانەوە بە ٢٥٠٠ دینار دراوە بە هاوڵاتیان، هەروەها ئەم کارە هەر لە بنەڕەتەوە نایاسایی بووە، چونکە بەهیچ جۆرێك کەمکردنەوەی تێدا نەکراوە.

هەروەها لە هەمان ساڵدا، کاتێك عەمباری گۆیژە پێویستی بە چاککردنی گۆڕەپانێك هەبووە بۆ وەستانی ئۆتۆمبیلە بارهەڵگرەکان، ئەم کارە دراوەتە کۆمپانیای سەهەند بە ٢٥٠٠٠٠٠٠ دینار، لە شەوی جەژنی قورباندا بەڕێوەبەری بەشی فرۆشتنی عەمبارەکە ١٠ سەیارە گاز دەردەکات، بەڵام لەلایەن بەرپرسانی دەزگاکەوە پێدەزانرێتو ٨ سەیارەیان دەگێڕدرێتەوەو دووانیان دەخورێت، بەڕێوەبەری بەشی فرۆشتن لە عەمبارەکە ئاماژەی بەوە کردووە کە ویستوویەتی لە بەرامبەر دروستکردنی ئەو گۆڕەپانەدا، ئەم ١٠ تەنکەرە گازە بداتە کۆمپانیای سەهەند، لە کاتێکدا ئەو کۆمپانیایە لە بەرامبەر ئەو کارەیدا بڕی ٢٥ ملیۆن دیناری وەرگرتووە، ئێستا ئەو بەڕێوەبەرە لەو دەزگایە نەماوەو خاوەنی یەکێك لە گەورەترین چێشتخانەکانی شاری سلێمانییە.